پارتی بە بەرپرسانی بەغدا : تا پێش جەژن شایستە داراییەکانی هەرێم نەگات هەڵوەستی جدیمان دەبێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، مەکتەبی سیاسیی پارتی رایگەیاند، ئەگەر تا پێش جەژنی قوربان وەزارەتی دارایی عێراق شایستە داراییەکانی هەرێم نەنێرێت، ئێوا هەڵوەستی جیددییمان دەبێت.

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، "رای گشتیی عێراق و هەرێمی کوردستان ئاگادارەکەینەوە کە حکومەتی فیدراڵی بەردەوام لە پێشلکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، دوا پێشلکاریشی نووسراوەکەی دوێنێی وەزارەتی داراییە کە دژی دەستوور و بڕیاکانی رەکەوتنی پێکهێنانی حکومەتە و بە سیاسیکردنی قووتی خۆکە.

لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە، ئێم بابەتە لە کبوونەوەی داهاتووی کمیتەی ناوەندیی پارتیمان دەخەینە بەرباس و بیاروەرگرتن و ئەگەر تا پێش جەژنی پیرۆزی قوربان، ماف و شایستە داراییەکانی خۆکی هەرێمی کوردستان رەوانە نەکرێت هەڵوەستی جدیمان دەبێت و رایدەگەیەنین.